# لە مابەینی کەماڵی سەید قادر و فرانس ئانرات و مانا ونەکانی دیموکراتیەت لەلای ئیدارەی سیاسی کوردی

**ڤینۆس فایەق**
venusfaiq@yahoo.co.uk

جاری وا هەیە بۆ نووسینی بابەتێک لە بارەی مەسەلەیەکەوە پێویستت بە چەند رۆژێک هەیە بیر بکەیتەوە و زانیاریەکانت رێکخەیت و چرپان کەیتەوە و بیانهۆنیتەوە ، جاری واش هەیە مەسەلەیەک هێند کارت تێدەکات بۆ یەک چرکەش خۆت پێناگیرێت و بێ یەک و دوو دەست ئەدەیتە قەڵەم و ئەڵێیت ئەنووسم و خوای ئەکرد کەعبە کەچ ئەبوو ، ئەنووسم دەبا کاول بێت..

ئەمرۆ 23ی دیسەمبەر دادگای هۆڵەندی 15ساڵ سزای براندەوە بۆ فرانس ئانراتی هۆڵەندی ، هەر ئەمرۆ دوارۆژی کۆنتراکتی کارەکەم بوو لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هۆڵەندا ، ئەو هەڵبژاردنەی هەر هەموو بە گومانەوە چووین بەرەوە سنووقەکانی دەنگدان و لێتانی ناشارمەوە من بە دڵەراوکێیەکی زۆر گەورەوە هێمام لەبەردەم لیستی هاوپەیمانی کوردیدا دانا و بە گومانێکی گەورەترەوە ئەمجارەش پەنجەم کرد بە شووشەی مەرەکەبەکەدا ، و هەر کە یەک هەنگاو لە ویستگای دەنگدانەکە دوور کەوتمەوە حەزم بە رەنگی پەنجەم نەبوو ، مەسەلەکە رەنگەکە نەبوو ، بە هێندی ئەوەندەی مەسەلەکە سایکۆلۆژی بوو و گەلێ مانای تری هەڵگرتبوو لە بابەتێکی تردا باسی لێوە دەکەم..

بە داخەوە هەر ئەمرۆش هاوکات کە هەواڵی دادگاییەکەی فرانس ئانراتم بیست ، هەواڵی بریاری بەناو داگایەکی کوردستانم بیست گوایا سزای 30 ساڵی داوە بەسەر نووسەر و لێکۆڵەرەوە دوکتۆر کەماڵی سەید قادر ، هەمووی نیو سەعات کەمتر بوو گەیشتبووبەوە ماڵ ، هیچ کاتم شک نەبرد بیر بکەمەوە ، هەر نەمتوانی بیربکەمەوە ، چونکە بێدەنگی مانای نەما ، چونکە من بۆخۆم هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مەسەلەی د. کەمالەوە بەباشم زانی کونجی بێدەنگی بگرم ، لەبەر هیچ نا بەڵکە بۆ ئەوەی ببینم ئیدارەی سیاسی کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆزێکی لەو جۆرە ئەکەن، هاوکات لەگەڵ ئەوەی بانگەشە بۆ دیموکراسیەت ئەکەن و دروشمەکانی دیموکراسیەتیان هەڵگرتووە ، و لەبەر ئەوەی گەلێ پرسیار هەبوون بەدوای وەڵامیاندا ئەگەرام ، بەڵام خۆ ناکرێ هەتا سەر بێدەنگ بین هەتا وێرانی ئەکەن..

بێگومان لێرەدا باسم لەوە نیە ئایا د. کەمال سەید قادر تاوانبارە یان نا ، باسم لەوە نیە تاچەند د. کەمال راست بوو لەوەی کردی و ئەوەی نووسی و ئەو رێگایەی گرتیە بەر لە رەخنە گرتن لە سەرکردایەتی کورد ، و یان راست و دروستی ئەو رەخنانەی ئەیگرت ، چونکە لە کۆتاییدا هەموو تاوانەکەی د. کەمال وشەبوو ، هەموو چەکەکەی لە دژی ئیدارەی سیاسی کوردی بەکاری هێنا وشەبوو ، هەتا ئەو تاوانە بە 30 ساڵ زیندانی سزا نادرێت ، باسیشم لەوە نیە ئایا د. کەمال چاکی کرد ئەوەی ئەی وت و ئەینووسی ، یان ئایا لەگەڵیدا بووم یان دژی ، چونکە لێرەدا باس لە پرۆسەیەکە ناوی پرۆسەی دیموکراتیەتە کە هەتک کراوە ، باس لە دروشمێکە کە هەنجن هەنجن کراوە ، ئەو سزایە خۆی لە خۆیدا تاوانێکی گەورەیە لە دژی سەربەستی وشە و سەربەستی رادەربرین و هەموو جۆرەکانی سەربەستی , لەو کوردستانەی ئێمە خۆمانی بۆ ئەدەین بە کوشت و ئەوان لە خوێنمان بێباکن و ئاقیبەت لە کونج و کەلەبەرە تەسکەکانی زیندانیدا وشە سپێەکان ئەنێژن..

فراسن ئانرات بەهەموو پیسی و تاوانباری خۆیەوە ، 15 ساڵی پێ بردرا ، ئەو کابرایەی هەموو کەرەسە و پێداویستیەکانی دروستنی چەکی ئەتۆمی فرۆشت بە سەددامی خوێنرێژ بۆ ئەوەی کوردی پێ قڕ بکات ، ئەی ئەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە کوێیە ئەگەر ئەوەندە خۆی بە عادیل ئەزانێت و داوای زیادکردنی ئەو

سزایە بکەن ، یان هەموو تواناکانیان بەسەر خاوەن قەڵەمەکاندا ئەشکێت؟ و د. کەمال سەید قادر کە هەموو تاوانەکەی نووسین و وشە بوو دوو قاتی ئەو سزایەی پێ بڕدار ، ئیدی لێرەوە ئەتوانم بڵێم ئیدارەی سیاسی کوردی بەداخێکی گەورە و گرانەوە سەلماندی نە دەزانێ مانای دیموکراتیەت چیە ، نەدەزانێ مانای سەربەستی کەسی چیە ، نەئەشزانێت مافەکانی مرۆڤ کامانەن و بەریان بەکوێوەیە ، بێ شکیشم هەر ناشزانێت ئیستا سەددام بە تۆمەتی چی دادگایی ئەکرێت و دوور نیە داوای حوکمی بەزەیی بۆنەکەن و لای ئەمەریکیەکان شەفاعەتیشی بۆبکەن..

بە باوەڕی من ئیدارەی سیاسی کوردی ئیستا بەو سزایەی دەریدەکات بەسەر د. کەمالدا هەموو بنەما و پرنسیپەکانی دیموکراتیەت و خاڵەکانی جاری جیهانی مافی مرۆڤ پێشێل ئەکات ، دەنا دادگاییەکی لەو جۆرە بەو شێوە ناشارستانیە و بە پێی یاساکانی دارستان رک و کینێکی گەورە لە دڵی ئەو میللەتەدا ئەڕوێنێت کە بە هیچ شێوەیەک دەربازیان نابێت لە سزای گەل ، لە هەمووشی گرنگرت ئەوەیە بڕیاری 30 ساڵ زیندانی لە دژی دوکتۆر کەمال سەید قادر کرایە دیاری کۆتایی هەڵبژاردنەکان لەپای ئەو دەنگانەی پێیان بەخشرا و کرایە دیاری سەری ساڵی نوێ و دواتر دیاری جەژنی قوربان..

هیواداریم هەرچی زووە ئیدارەی سیاسی کوردی فریا کەوێت و ئەو بڕیارە بەدرۆ بخاتەوە و داوای لێبوردن لە هەموو گەلی کوردستان بکەن و بەزووترین کات دوکتۆر کەمال ئازاد بکات ، چونکە ئەوە کەمترین شتە بیانهێنێتەوە مایە, لای ئەو میللەتەی ئەنفال کرا و کیمیاباران کرا و لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژار..

دەنا سەددامیش هەربەو جۆرە رۆشنبیرەکانی زیندانی ئەکرد و هەر بەو جۆرە دڵشاد مەریوانی و سەدان رۆشنبیری تری وەکوو دڵشاد مەریوانی لەناوبرد..